# تاوانی بەرتیل لەشەریعەتی ئیسلامدا

[ kurdish – كوردی – كردي ]


## حاجی ئومێد چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2012 - 1434

IslamHouse.com

# جريمة الرشوة في الإسلام

« باللغة الكردية »

أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1434

IslamHouse.com

# تاوانی بەرتیل لەشەریعەتی ئیسلامدا

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە وصەلات وسەلام لەسەر پێغەمبەری ئیسلام محمدی کوڕی عبداللە وئال وبەیت وهاوەڵە بەڕێز وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

خوێنەرانی بەریز لەبابەتی ئەم جارەماندا پێمان خۆش بوو، بابەتێکی گرنگ بخەینە بەرباس ولێکۆڵێنەوە، کە لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆماندا زۆر بەربڵاوە وبەهۆی نەبوونی دەزگایەکی چاودێری تۆکمەوە، لەزۆربەی زۆری دەزگاکانی حکومەتدا بووە بەدیاردەیەکی نامۆ، وکەس ناتوانێت نکولی لێ بکات، ئەویش تاوانی بەرتیل وەرگرتنە لەلایەن کەسانێکی هەلپەرست ودەروون نەخۆشەوە .

**پێناسەی بەرتیل (الرشوة) :**

مأخوذة من الرشاه وهو الحبل الذي يربط به الدلو لينزع الماء من البئر ، واتە :

ووشەی ڕەشوە لە ووشەی (رشا) وە وەرگیراوە کە مەبەست پێی ئەو حەبل

وگوریسەیە کە دەبەسرێتەوە بەو دۆڵچەیەی کە دادەهێڵرێتە ناو بیر بۆ هەڵگۆزینی ئاو .

هەروەها بە مانای ( أعطى ) پێدانیش هاتووە [مختار الصحاح للرازي – باب الراء ص ١٤٣] .

لە زاراوەی زانایانی شەرعناسیشدا : بەو شتە دەوترێت کە کەسێك بیدات بە کەسێکی دەسەڵاتدار یان ئەو کەسەی کە کاروباری خەڵکی بەدەستە، بۆ ئەوەی لەبەرژەوەندی ئەو بڕیارێك بدات یان بەو شێوەیە بێت کە ئەو دەیەوێت .

لەم پێناسەیەوە ئەوە دەردەکەوێت بەرتیل و ڕەشوە وەرگرتن زۆر گشتگیرترە لەپێدانی ماڵ، بەڵکو هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە ئەو کەسە دەیدات بەو دەسەڵاتدارە بۆ ئەوەی لەبەرژەوەندی ئەو بڕیارکە بدات، جا ئەو شتە ماڵ بێت یان پارە وپوڵ بێت، یان پلەوپایەك بیت، یان هەر قازانج وسودێکی دونیایی بێت .

وە مەبەستیش لە دەسەڵاتدار زۆر کەس دەگرێتەوە، ئیتر قازی بێت، یان سەرۆکی وولاتێك بێت، یان هەر پلەوپایەیەکی هەبێت لەدەوڵەتدا، تەنانەت ئەگەر فەرمانبەر وکارمەندێکیش بێت وکاروباری خەڵکی بەدەست بێت .

مەبەست لە دەرکردنی بڕیاریش، هیچ جیاوازی نییە، ئەو کەسە دەسەڵاتدارە بڕیارەکەی بەهەق یان بەناڕەوایش بێت، مادام ڕازی بووە بەوەرگرتنی بەرتیل لەبەرامبـەر ئەو کارەدا، لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا هەر بە بەرتیل وڕەشوە دادەنرێت .

**حوکمی بەرتیل** ( **ڕەشوە**) **لەشەریعەتی ئیسلامدا** :

بەرتیل و (ڕەشوە) لەشەریعەتی ئیسلامدا حەرامە ویەکێکە لەتاوانە گەورەکان، وەهەرکەسێکیش بەرتیل بە حەڵاڵ بزانێت خوا پەنابدات پێی (بێ بڕوا) دەبێت، هەرکەسێکیش بەحەرامی بزانێت و وەری بگرێت یان بیدات، ئەوە بە (فاسق) و لەسنووەر دەرچوو دادەنرێت.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام حەرام ویاساغی کردووە لەسەر موسڵمان وباوەڕدار کە ڕێگای بەرتیلدان بگرێتە بەر بۆ جێ بەجێکردنی کاروبارەکانی، هەروەها حەرامیشی کردووە لەسەری کە بەرتیل وەربگرێت، وناوەند گیریش بکرێت لەنێوان دوو کەسدا بۆ وەرگرتنی بەرتیل خواردن، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ وَتُدْلُوا بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُوا فَرِيقًا مِنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالْإِثْمِ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ [البقرة : ١٨٨] واتە : نەکەن ماڵ و دارایی یەکتر لە نێوانتاندا بە ناحەق بخۆن (وەك بەرتیل و سوو، یان داگیرکردنی ماڵی یەکتر و فرۆفێڵ کردن...) نەکەن هەندێکی بدەن بەکاربەدەستان بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ناحەق و گوناهەوە هەندێك ماڵی خەڵکی بخۆن، لە کاتێکدا خۆشتان دەزانن کە ئەو کارە ڕەوا نیە.

لەجێگایەکی تردا فەرموویەتی : ﴿سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ أَكَّالُونَ لِلسُّحْتِ﴾ [المائدة :٤٢] واتە : ئەو (جولەکانە) زۆر بە دڵگەرمی گوێ بۆ درۆ دەگرن و کەسایەتیان ناپوختەیە و زۆر حەرام خۆر و بەرتیل وسوو خۆرن .

جمهوری زانایان لەسەر ئەوەن ئەو کەسەی بەمەرجی وەرگرتنی شتێك کارێك بۆ کەسێکی تر ئەنجام بدات، ئەوە ئەو کەسە بەر هەڕەشەی ئەم ئایەتە پیرۆزە دەکەوێت .

تەنانەت عبداللەی کوڕی مەسعود (خوای لێ ڕازی بێت) لە تەفسیری (السحت) دا ووتویەتی : سوحت ئەوەیە کە تۆ داوای شتێك بۆ برایەکت بکەیت لەکەسێکی تر وبۆی جێ بەجێ بکەیت، ئەویش دیاریەکت بۆ بهێنێت و تۆیش لێی وەربگریت .

لە سوننەتی پێغەمبەری خوایشدا (صلی اللە علیە وسلم) هاتووە :
عن أبي هريرة رضي الله عنه قال : « لعن رسول الله صلي الله عليه وسلم الراشي والمرتشي في الحكم » [رواه الترمذی وحسنە وابن حبان في صحيحه] واتە : پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) فەرموویەتی : نەفرینی خوا لەو کەسەی کە بەرتیل دەدات بەخەڵك و لەو کەسەشی کە بەرتیل وەردەگرێت لە حوکمدا .

لەڕیوایەتێکی تردا هاتووە : « والرائش » [رواه الترمذي وحسنه بن حبان في صحيحه والحاكم ] واتە : نەفرین لەو کەسەش کە ناوەندگیری دەکات لەنێوان بەرتیلدەر وبەرتیل خۆردا، چونکە هاوکاریان دەکات لەسەر خراپە وخراپەکاری .

هەروەها هاتووە : عن ابن عمر رضي الله عنهما عن النبي صلى الله عليه وسلم قال : « كل لحم أنبته السحت فالنار أولى به، قيل: وما السحت؟ قال: الرشوة في الحكم » [رواه الإمام أحمد في "مسنده" (٣/٣٢١، ٣٩٩)، ورواه الترمذي في "سننه" (٢/١٩٥) ] واتە : پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت : ئەو گۆشتەی کە سوحت گەشەی پێکردبێت ئەوە هەر بۆ ئەوە باشە بە ئاگر بسوتێت، ووتیان : مەبەست لە سوحت چیە؟ فەرمووی : بەرتیل وەرگرتن وبەرتیلدانە لەحوکمدا .

**جۆرەکانی بەرتیل و ڕەشوە :**

**جۆری یەکەم :** بەرتیلدان بەدەسەڵاتدارێك بۆ چاوپۆشی کردن یان بەدەستهێنانی شتێك کە مافی شەرعی ئەو کەسە نییە، ئەمەش

خراپترین وحەرامترین جۆری بەرتیلە، هەر ئەمەش مەبەستی سەرەکی ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ وَتُدْلُوا بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُوا فَرِيقًا مِنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالْإِثْمِ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ [البقرة : ١٨٨] .

**جۆری دووەم** : بەرتیلدان لەپێناو ئەوەی کەسێکی تر بەرژەوەندیەکی لەکیس بچێت، ئەویش لەبەر ئەو حەسودیەی کە لەدڵیدایە بەرامبەر ئەو کەسە، ئەمەش بەشێکی ترە لەبەرتیلدان وبگرە ئەگەر تاوانەکەی لەوەی پێشوو زیاتر نەبێت کەمتر نییە، چونکە تاوانە کەسێك لەپێناو ئەوەی برایەکی نەگات بە بەرژەوەندی وخۆشی وشادیەك ئەم کەسە دێت بەم شێوەیە دەبێتە ڕێگر لەبەردەمیدا، ودەسەڵاتدارێك سەرلێدەشێوێنێت بەپێدانی بەرتیل وڕەشوە تا بەو شێوەیە حوکمێکی ناهەق دەربکات، وخیانەت بکات لەو ئەمانەتەی کە دراوەتە دەستی، وبەرژەوەندی خەڵکی بفەوتێنێت .

**جۆری سێهەم** : بەرتیلدان لەپێناو بەدەستهێنانی پلەوپایە وکاروبار ولێپرسراویەتیەك، ئەمەش بە کۆدەنگی زانایان کارێکی یاساغ و حەرامە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، حەرامیەکەشی زۆر خراپتر دەبێت ئەگەر هاتوو ئەو کەسە شیاوی ئەو پلەوپایە ولێپرسراویەتیە نەبوو، چونکە ئەمە خیانەتێکی گەورەیە کە لەو ئەمانەتە دەکرێت پەروەردگار فەرمانی کردووە کە بپارێزرێت، وەك فەرموویەتی : ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَىٰ أَهْلِهَا﴾ [النساء : ٥٨] واتە : بێگومان خوا فەرمانتان پێدەدات کە هەموو ئەمانەتەکان (سپاردەکان) بگەڕێننەوە دەست خاوەنەکانیان .

چونکە ئەنجامدانی وەها کارێك دەبێت هۆی بڵاوبوونەوەی خراپەکاری وفەساد لەناو خەڵکی، وکەسانی نەشیاو ونەشارەزا جێگای کەسانی شیاو شارەزا دەگرنەوە، هۆکارێکە بۆ فەوتان و لەناوبردنی بەرژوەندی گشتی، وپێغەمبەری خوداش (صلى الله عليه وسلم) ئەم کارەی بەیەکێك لەنیشانەکانی هاتنی قیامەت وبڵاوبوونەوەی خراپەکاری وەصف کردووە، وەك فەرموویەتی : «إِذَا وُسِّدَ الْأَمْرُ إِلَى غَيْرِ أَهْلِهِ ؛ فَانْتَظِرْ السَّاعَةَ » [رواه البخاري وأحمد] واتە : هەرکاتێك کاروباری

موسڵمانان درایە دەست کەسانێکی نەشیاو ئەو کاتە چاوەڕیی هاتنی قیامەت بکە .

ئێ ئاشکرایە گرتنە دەستی کاروباری هاوڵاتیانیش ئەمانەتێکی گەورەیە، لێپرسراوی شیاو خەمخۆر دەبێت، شەو ڕۆژ بخاتە سەریەك لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیە گشتیەکان، کاتێك ئەم کەسە نەشیاو ونەشارەزایەش بە پێدانی بەرتیل ورەشوە دەبێتە کاربەدەست وچاوساغی خەڵکی، بەپێی پێویست وبەو شێوەیەی کە خوای گەورە داوای کردووە بەکاروبارەکانی خۆی هەڵناسێت، لەکۆتاییشەوە دەبێتە هۆی فەوتان و لەناوچوونی بەرژەوەندی گەل وهاوڵاتیان بەگشتی، هەر بۆ زیاتر تەئکید کردنەوە لەسەر پاراستنی ئەمانەت وخیانەت لێ نەکردنی خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَخُونُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُوا أَمَانَاتِكُمْ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ [الأنفال : ٢٧] واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە: خیانەت مەکەن لە خواو لە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) (بەوەی کەم تەرخەمی بکەن لە فەرمانبەرداریاندا)، هەروەها

خیانەتیش مەکەن لەو ئەمانەت وسپاردانەی کە پێتان دەسپێردرێت، لەکاتێکدا کە ئێوە دەزانن (ئەو کارەتان خیانەتە) .

پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) لەفەرموودەیەکی سەحیحدا فەرموویەتی : «من ولي من أمر المسلمين شيئا، فولى رجلا وهو يجد من هو أصلح للمسلمين منه فقد خان الله ورسوله » [رواه الحاكم في صحيحه] واتە : هەرکەسێك شتێکی لەکاروباری موسڵمانان پێ سپێررا، و لەبری کەسێکی شیاو کەسێکی تری دیاری کرد بۆ ڕاپەڕاندنی کاورباری موسڵمانان وکارەکەی نەدایە دەست کەسە شیاوەکە، ئەوە بێگومان خیانەتی لە خوا و پێغەمبەرەکەی کردووە .

زانایانیش کۆ دەنگن هەرکاتێك دوو کەس هەبوون بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری موسڵمانان، بەڵام کەسێکیان باشتر و شارەزاتر بوو بۆ ئەو کارە، ئەو کاتە واجبە کەسە باشتر وشارەزاترەکە دەسنیشان بکرێت، چونکە بەدانانی ئەم کەسە بەرژەوەندی گشتی هەموو خەڵك پارێزراوتر

دەبێت، ئەمەش یەكێكە لە گرنگترین ئەو كارانەی كە ئەمیر وكاربەدەستی موسڵمانان دەبێت ئەنجامی بدات .

### چ كاتێك مرۆڤ دروستە بەرتیل و ڕەشوە بدات ؟

جمهوری زانایانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت ڕێگایان داوە بە پێدانی بەرتیل و ڕەشوە بۆ نەهێشتن ولادانی زوڵم وستەمێك، یان بۆ سەندنەوەی هەق ومافێكی شەرعی خۆت، بەڵام بەو مەرجەی ئەگەر هەموو ڕێگا مەشروعەكانی ترت گرتەبەر لە تۆماركردنی سكاڵا لای لایەنی پەیوەندیدار وبەرزكردنەوەی دەعوا بۆ لای قازی ودادگا، ئەگەر هەموو ئەمانە سوودیان نەبوو، ئەو كاتە دروستە بۆ گەڕاندنەوەی مافێكی زەوتكراو، یان دەفعكردن ولادانی زوڵم وستەمێك كەسی خاوەن هەق یان ستەم لێكراوە بەرتیل بدات، ئەویش زانایان ووتویانە لەبەر ناچاری بۆ كەسی بەرتیلدەر دروستە، ئەگینا كەسی بەرتیل وەرگر هەر بۆی حەرامە و بەرئەو نەفرینەی پێغەمبەر (صلى الله علیە وسلم) دەكەوێت، چونكە كەسی بەرتیل وەرگر چاری ناچارە و ئەگەر ئەم كارە

نەكات مافی دەخورێت، قاعدە شەریعەكەش دەڵێت : " المشقة تجلب التیسیر " واتە نارەحەتی وناچاری ئاسانكاری بەدوای خۆیدا دەهێنێت، و خوای گەورەش فەرموویەتی : ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ [البقرة : ٢٨٦] واتە : خوای گەورە ئەرک ناخاتە سەر هیچ كەسێک مەگەر بە قەدەر توانایی خۆی نەبێت .

دیارە هەڵگرتن و نەهێشتنی حەرەج و نارەحەتی لەسەر بەندەكانی خودا بنەمایەكی گرنگە لەشەریعەتی ئیسلامدا، كەسی بەرتیلدەریش لەم حاڵەتەدا كەوتوەتە ناو نارەحەتی و حەرەجەوە، لەم كاتە ضەرورەت و پێویستیەدا دروستە بۆی ئەم كارە بكات، بەڵام ئەبێت ئەوەش بزانێت ضەرورەت وپێویستیش دەبێت بەگوێرەی ئەندازەی خۆی بێت ونابێت سنوور بەزێنی بكات، بۆ نموونە ئەگەر بۆی كرا بەدانی بەرتلییێكی كەم نابێت پەنا بەرێتە بەر دانی بەرتلێكی زیاتر، یان ئەگەر توانی بە واسطە و ناسیاوی و پەیوەندیەكی شەخصی خۆی بەبێ پێدانی بەرتیل مافەكەی خۆی وەربگرێتەوە، نابێت پەنا بباتە بەر ڕەشوە وبەرتیل دان، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی كە دەفەرموێت :

﴿فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ ﴾ [البقرة : ١٧٣] واته : جا ئەگەر كەسێك پێویستی ناچاری كرد بەخواردني (گۆشتی مردارەوە بوو یان گۆشتی بەراز) بێ زیادەڕەوی و لە سنوور دەرچوون، ئەوە هیچ گوناهێكی لەسەرنی یە .

بە بەڵگەی ئەم ئایەتە هەركەسێك ناچاركرا یان ناچار بوو بە پێدانی بەرتیل وەشوە بۆ وەرگرتنەوەی مافی خۆی، ئەوا دروستە بۆی، بەڵام وەك ووتمان بۆ كەسی بەرتیل وەرگر هەر حەرامە، چونكە ئەو ناچار نییە بەوەها كارێك بگرە ئەگەر ئەو كەسە بەبێ بەرتیل وەرگرتن كارەكەی ئەنجام بدات، ئەوا كۆمەڵگا لە گەندەڵی پاك دەكاتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە بەم كارەی كۆمەڵگا پیس و خراپ دەكات .

لەم بارەیەوە شێخ الاسلام إبن تیمیة (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت : " فأما إذا أهدى له هدية ليكف ظلمه عنه أو ليعطيه حقه الواجب كانت هذه الهدية حراما على الآخذ ، وجاز للدافع أن يدفعها إليه " [الفتاوى الكبرى (١٧٤/٤)] واتە : ئەگەر هاتوو كەسێك دیاریەكی پێشكەش بەكەسێك كرد بۆ ئەوەی

ستەمێك لەسەر خۆی لاببات، یان مافێكی زەوتكراوی خۆی پێ وەربگرێتەوە، ئەم دیاری پێشكەش كردنە حەرامە بۆ ئەو كەسەی وەریدەگرێت، بەڵام بۆ ئەو كەسەی كە دەیدات دروستە (لەبەر ناچاری) .

خافظي ذەهەبیش ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتویەتی : " قال العلماء .... وإنما تلحق اللعنة الراشي إذا قصد بها أذية مسلم، أو ينال بها ما لا يستحق، أما إذا أعطى ليتوصل إلى حق له ويدفع عن نفسه ظلما فإنه غير داخل في اللعنة . وأما الحاكم فالرشوة عليه حرام أبطل بها حقا أو دفع بها ظلما" [الكبائر، كتاب الاخلاق والرقائق، لاپەڕە ١٠٧]

واتە : زانایان ووتویانە نەفرین بەر ئەو كەسە بەرتیلدەرە دەكەوێت كە بیەوێت بەو كارەی ئەزیەت وئازاری موسڵمانان بدات، یان بۆ بەدەستهێنانی شتێك بێت كە مافی خۆی نییە، بەڵام ئەگەر بەرتیلەكەی بۆ وەرگرتنەوەی مافێكی خۆی بێت، یان لادانی زوڵم وستەمێك بێت ئەوە ئەو نەفرینە ناكەوێت بەر ئەو كەسە، بەڵام

کاربەدەست وحاکمی موسڵمانان بەهەموو شێوەیەك بەرتیل و ڕەشوەی بۆ حەرامە .

کەواتە بەرتیلدان بۆ بەدوو مەرج دروستە :

**یەکەم :** دڵنیا بێت لەوەی کە بەو بەرتیلە نەبێت هەق ومافەکەی دەست ناکەوێتەوە .

**دووەم :** لای خۆی ئەوە بزانێت کە بەرتیلدان کارێکی حەرام ویاساغە لە ئیسلامدا ولەگەڵ ئەوەی ئەو بەرتیلەش دەدات داوای لێخۆش بوون بکات لەخوای گەورە .

## چی کاتێك بۆ کارمەند و فەمانبەری حکومەت دروستە دیاری وەربگرێت ؟

پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) لەفەرموودەیەکدا فەرموویەتی: « هدايا العمال غلول » [رواه الإمام أحمد في المسند برقم (٢٣٠٩٠) وصححه الالباني في إرواء الغليل ٢٦٢٢] واتە : دیاری بۆ لێپرسراو وکاربەدەستان دزی وخیانەتە .

ئەم فەرموودەیە حوکمێکی گشتگیرە وبەشێوەیەکی گشتی باسی دیاری کاربەدەست وفەرمانبەرانی کردووە، بەڵام زانایان لەبارەی دیاری فەرمانبەرانەوە هەندێك بەووردتر قسەیان لەسەر کردووە، بۆیە دیاری پێشکەس کردن و وەرگرتنی لەلایەت کارمەند وفەرمانبەری حکومیەوە هەمووی حەرام ویاساغ نییە، لەهەندێك کاتدا حەرامە ودروست نییە، وەلەهەندێك کاتدا دروست وڕێگاپێدراوە .

هەرکاتێك مەبەست پەپێدانی دیاری بەکارمەند وفەرمانبەری حکومی گەشتن بێت بە ئامانجێکی باتڵ و یاساغ ونامەشروع، ئەوە حەرامە ودروست نییە، یان لەبەرامبەر کارێکدا بدرێت بەفەرمانبەرێك کە ئەنجامدانی ئەو کارە واجبی ئەو کارمەندە خۆی بێت .

هەندێك جار وەرگرتنی دیاری لەلایەن کارمەند وفەرمانبەرانەوە حەرامە، ئەگەر چی دروستیش بێت بۆ ئەو کەسەی کە دەیبەخشێت، بۆ نموونە هەندێك جار کارمەندێك تەمەڵی و خاوە خاو دەکات لە ڕاپەڕاندی کاری هاوەڵاتییەك، ئەو هاوەڵاتییەش زۆر پێویستی بەوە

هەیە کارەکەی خێرا بەئەنجام بگەیەنرێت، بەڵام ئەو کارمەندە بەبێ دیاری ئەو کارە ناکات، لەم کاتەدا دروستە بۆ ئەو هاوڵاتییە لەبەر ناچاری و دەفعی بەڵا دیاریەك بدات ئەو کارمەندە بۆ ئەوەی خێرا کارەکەی بۆ ڕاپەرێنن، وەرگرتنی دیاری بۆ ئەو فەرمانبەرە حەرامە و دەچێتە چوار چێوەی بەرتیل ورەشوە خواردنەوەوە، بەڵام بۆ ئەو هاوڵاتییە لەبەرناچاری دروستە .

هەندێك جار دیاری بەخشین و وەرگرتنیشی بۆ هەردوولا دروست وڕێگا پێدراوە، بۆ نموونە کەسانی نزیك وخزم وناسراوی ئەو کارمەندە پێش دامەزراندنیشی هەر دیاریان بۆ بردووە وگۆڕینەوەی دیاری لەنیوانیاندا باو بووە، لەم کاتەدا دروستە بۆ هەردوولایان ئەم کارە بکەن، بەڵام بەو مەرجەی پاش دامەزراندن ودیاری کردنی وەك کارمەند وفەرمانبەری حوکمی دیاریەکان گۆڕانکاریان بەسەردا نەهاتبێت وزیادیان نەکردبێت، لەهەمان کاتیشدا ئەو کەسانەش دیارییەکان دەبەن پێویستی وکارێکیان نەکەوتبێتە ئەوکارمەندە پەیوەندی بەوەزیفە وکارەکەیەوە هەبێت، بۆ نموونە وەك دیاری پێشکەش کردن بە

کارمەند و فەرمانبەرێك لەلایەن بەرپرسی یەکەمیەوە، یان سەرۆکی وولاتەوە، یان کەسێك دیاریەك دەبات بۆ کارمەندێکی خزمی کە هیچ کار وپێویستیەکی پێی نییە، بەڵکو تەنها مەبەستی پێی بەجێهێنانی صیلەی ڕەحم وخزمایەتییە .

**سزای تاوانی بەرتیل لە شەریعەتی ئیسلامدا** :

سزای ڕەشوە وبەرتیل خواردن لە ئەحکامەکانی سیاسەی شەرعیە، بەو پێیە سزای ئەم جۆرە تاوانە لەکات و زەمانێکەوە بۆ کات وزەمانێکی تر دەگۆڕێت، بۆیە دەست نیشانکردنی سزاکە دەگەڕێتەوە بۆ حاکم وکاربەدەستی موسڵمانان کە سزایەك دیاری بکات بۆ ئەو جۆرە تاوانبارانە بیانگێڕێتەوە لەخراپە وتاوان وڕێگریەکیش بێت بۆ ئەوانەی بیر لەوەها تاوانێك دەکەنەوە، ئەوە نەبێت ئەو ماڵ وکەلوپەلەی کە دراوە لەڕەشوە وبەرتیلدا کاربەدەستی موسڵمانان نابێت بیگێڕیتەوە بۆ ئەو کەسەی کە وەری گرتەوە یان بەرتیلەکەی داوە، لەکاتێکدا نەبێت ئەو کەسەی کە بەرتیلەکەی داوە بەزۆر لێی سەنرا بێت، یان مافێکی

شەرعی خۆی هەبوو بێت و بۆیان ئەنجام نەدابێت بە بەرتیلدان نەبێت، لەم کاتەدا دروستە ئەوماڵەی دراوە لە بەرتیلداپاش پێزانینی بگێررێتەوە بۆ خاوەنەکەی .

کارمەند و فەرمانبەری حوکمی نابێت لە بەرامبەر کارێکدا کە واجبە ئەنجامی بدات و ئەصڵی کارەکەی خۆیەتی دیاری یان شتێك وەربگرێت، جا بۆیە ئەگەر کارمەندێك یان فەرمانبەرێك پێش ئەوەی لەلایەن حکومەتەوە بۆ ئەو جێگا وپلەوپایەیە دەستنیشان بکرێت، خەڵکی ئەو گرنگی و بایەخەیان پێ نەدەدا ودیاریان بۆ نەدەبرد، لەپاش دەستنیشان کردنی هەر دیاریەکی پێشکەش بکرێت دەچێتە چوار چێوەی بەرتیل ورەشوەوە، و والی ولێپرساوی موسڵمانان لەڕوانگەی سیاسەتی شەرعیەوە دەتوانێت دەست بگرێت بەسەر تەواوی ئەو دیاریانەی بۆی هاتووە، مووچەکەی خۆی نەبێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەم ڕووداوانەی خوارەوە کە لەسونەت وسەردەمی خلیفەکانی ڕاشدیندا ڕوویانداوە :

« استعمل النبي صلى الله عليه وسلم رجلا من بني أسد يقال له ابن الأتبية على صدقة فلما قدم قال هذا لكم وهذا أهدي لي فقام النبي صلى الله عليه وسلم على المنبر قال سفيان أيضا فصعد المنبر فحمد الله وأثنى عليه ثم قال ما بال العامل نبعثه فيأتي يقول هذا لك وهذا لي فهلا جلس في بيت أبيه وأمه فينظر أيهدى له أم لا والذي نفسي بيده لا يأتي بشيء إلا جاء به يوم القيامة يحمله على رقبته إن كان بعيرا له رغاء أو بقرة لها خوار أو شاة تيعر ثم رفع يديه حتى رأينا عفرتي إبطيه ألا هل بلغت ثلاثا » [ أخرجه: البخاري في كتاب الهبة، رقم(٢٥٩٧)، ومسلم في كتاب الإمارة، رقم(١٨٣٢)] واته : پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) پیاوێك لە بەنی ئەسەد کردە لێپرسراوی کۆکردنەوەی زەکات کە پێیان دەووت : (ابن اللتبية) جا کاتێك زەکاتەکەی کۆکردەوە و گەڕایەوە بۆلای پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) ووتی : ئا ئەمەیان هی ئێوەیە و ئا ئەمەشیان بەدیاری داویانە بەخۆم، پێغەمبەری خوداش (صلى الله عليه وسلم) چوویە سەر مینبەرەکەی و سوپاس وستایشی خوای گەورەی کرد وئەمجا فەرمووی : حاڵی ئەو کرێکار وکاربەدەستانە چیە وچۆنە، کە ئێمە ڕەوانەیان دەکەین ودەیانکەین بەکاربەدەست، کەچی پاشان کە دێنەوە ودەڵێن :

ئا ئەمەیان هی ئێوەیە و ئا ئەمەشیان هی خۆمە، دەی با ئەو کەسە لەماڵێ باوکی ودایکی دانیشێت وئەمجا سەیر بکات ئایا کەس دیاری بۆ دێنێت، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، هەرشتێك بهێنێت بۆ خۆی لەڕۆژی دواییدا دەیئاڵێین لەگەردنی، جا ئەگەر ئەو شتە ووشترێك بێت دەبۆڕێنێت، وە ئەگەر مانگایەك بێت دەقۆڕێنێت، وە ئەگەر شەکێك بێت ئەوە دەباڕێنێت ( واتە شاهیدی لەسەر دەدات) ، ڕاوی فەرموودەکە دەڵێت : ئەمجا پێغەمبەری خودا (صلى الله علیه وسلم) دەستەکانی بەرزکردەوە هەتاوەکو سپیایی بن باڵیمان بینی، وسێجار فەرمووی : (خوایە شاهید بە) من پێم گەیاندن.

لەم بەسەرهاتەدا هەندێك لەزانایانی فەرموودە ناس باسی ئەوەیان کردووە کە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) پێشتر فەرمانی کردووە بە هاوەڵەکان موحاسەبەی ئەم کەسە بکەن، وپاش ئەوەی بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو ماڵە مافی خۆی نییە، ئەو دیاریانەی کە پێی درابوو دەستیان گرتوە بەسەر هەموویدا و موصادەرەیان کردوە .

لەفەرموودەیەکی تردا فەرموویەتی : « من استعملناه منكم على عمل فكتمنا مخيطا فما فوقه كان غلولا يأتي به يوم القيامة » [ أخرجه مسلم، كتاب الإمارة، باب تحريم هدايا العمال، رقم (٣٤١٥)].

واتە : هەرکەسێك لەئێوەمان کرد بە کارمەند وفەرمانبەر بەسەر کارێکەوە، وبەئەندازەی دەرزی درومانێك یان زیاتری لێ شاردینەوە بە دزی وخیانەت، ئەوە لەرۆژی دواییدا بەڕوویدا دەدرێتەوە ولێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت لەسەری .

هەر لەم بارەیەوە ئەم بەسەرهاتەیش هاتووە :

عن أبي هريرة قال : استعملني عمر بن الخطاب رضي الله عنه على البحرين فاجتمعت لي اثنا عشر ألفا فلما عزلني وقدمت على عمر قال لي : يا عدو الله وعدو المسلمين ـ أو قال وعدو كتابه ـ سرقت مال الله ؟ قال : قلت : لست بعدو الله ولا للمسلمين ـ أو قال لكتابه ـ ولكني عدو من عاداهما ولكن خيلا تناتجت وسهاما اجتمعت، قال : فأخذ مني اثنا عشر ألفا فلما صليت الغداة قلت : اللَّهُمَّ اغفر لعمر [فتوح البلدان – البلاذري ج ١/ الصفحة ١٠٠]

واتە : ئەبوهورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) ئەڵێت : عومەری کوڕی

خەتاب(خوای لێ ڕازی بێت) کردمی بەکاربەدەستی بەحرەین، دوای ئەوە بووم بەکاربەدەست دوانزە هەزار (درهەم یان دوانزە هەزار دینارم) پاشکەوت کرد، جا دوای ئەوەی کە لەکاربەدەستی لایدام وگەڕامەوە بۆلای، پێی ووتم : ئەی دوژمنی خوا وموسڵمانان یان ئەی دوژمنی کتێبەکەی خوا، ماڵی خوات دزیوە؟ ئەبوهورەیرە ئەڵێت : ووتم نەدوژمنی خوام ونەدوژمنی موسڵمانانم، یان نەدوژمنی کتێبەکەی خوای گەورەم، بەڵکو دوژمنی ئەو کەسەم دوژمنایەتی خوا وموسڵمانان دەکات، ئەوەی دەیبینی ئەوەیە کە ئەسپەکانم زاوزێیان کردووە و زۆر بوون، وە مووچە وئەوەی مافی خۆم بووە کۆمکردوەتەوە، ئەبو هورەیرە ئەڵێت : عومەر دوانزە هەزارەکەی لێ سەندمەوە، منیش دوای ئەوەی نوێژی نیوەڕۆم کرد، لەخوای گەورە پاڕامەوە و دەمووت : ئەی خوایە لەعومەر خۆش بە ..

ئەم بەسەرهاتە مانای ئەوە نییە کە خوانەخواستە ئێمە تانە لە ڕاستگۆی و دەستپاکی هاوەڵێکی بەرێزی وەك ئەبوهورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) بدەین، نەخێر بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەمە ئەو سیاسەتە

شەرعیەیە کە عومەر پەیڕەوی کردووە، بۆ ئەوەی کاربەدەستەکانی واڕابهێنێت کە وانەزانن ئیتر کە لێپرسراویەتیەکیان گرتە دەست عومەر پاداشتی کردوون، بەڵکو بزانن لێپرسراویەتی لە ئیسلامدا تەکلیف ولێپرسینەوەیە، نەك تەشریف وڕێزلێنان بێت .

لەبەر ئەوە دەبێت ئەو کەسەی کە کارێکی پێ دەسپێررێت لەدەوڵەتی ئیسلامیدا بزانێت ئەو ماڵ وسەروەت وسامانەی کە دێتە ژێر دەستیەوە ماڵی گشتیە ومولْکی هەموو موسڵمانانە ودروست نییە بۆی بەئارەزووی خۆی تەخشان وپەخشانی پێوە بکات، بەڵکو ئەمانەتە لەدەستیدا و دەبێت ئاگای لە خەرجکردنی بچوکترین شت بێت .

لەم بارەیەشەوە شێخ الاسلام ابن تميية ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتویەتی : « وليس لولاة الأموال أن يقسموها بحسب أهوائهم، كما يقسم المالك ملكه فإنما هم أمناء ونوَّاب ووكلاء، وليسوا ملاكاً » [السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية: (ص٩٥) ] واتە : بۆ والی وکاربەدەستی موسڵمانان نییە بەهەوەس و ئارەزووی خۆیان ماڵ وسامان ببەخشنەوە، هەروەك چۆن

خاوەن موڵکێك ماڵ وسامانی خۆی دەبەخشێتەوە، بەڵکو دەبێت بزانن ئەوان ئەمیندار ووەکیلی وبریکاری موسڵمانانن نەك مالیك وخاوەن موڵك .

لەکۆتاییەوە ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەرکاتێك والی و لێپرسراوی موسڵمانان بۆی دەرکەوت کە یەکێك لەکارمەند وفەرمانبەرەکانی بەرتیل وەرەشوە یان دیاریەکی وەرگرتووە کە ئەو هەق ومافەی نییە وەری بگرێت، ئەوا لە ڕوانگەی جێ بەجێکردنی سیاسەتی شەرعیەوە کاتێك زانی بەچی ڕێگایەك کە چارەسەر وبنەبڕی ئەو دیاردە نامۆ و گەندەڵیە بکات دەتوانێت سزای ئەو فەرمانبەرە بدات، جا ئەگەر بە زیندانی کردن بێت، یان بە دەستبەسەراگرتنی بڕێك لەماڵوسامانی بێت، یان بە غەرامەکردن ولادانی بێ لەکارەکەی، ئەمەش لەپێناو پاکڕاگرتنی دام ودەزگاکانی حکومەت لەگەندەڵی و دیاردە نامۆکان، چونکە ئەم جۆرە کارانە ئەگەر سزای سەخت وکاریگەری بۆ دانەنرێت ئەوا سەرجەم جومگەکانی دەسەڵات و وەزارەتەکانی حکومەت دەگرێتەوە ئەو کاتە بنەبڕکردن ونەهێشتنی

کارێکی سەخت و ئەستەم دەبێت، بۆیە هەرکاتێك لێپرسراوی موسڵمانان هەستی بەوەها دیاردەیەکی نامۆ وخراپ کرد دەبێت دەستبەجێ ئیجرائاتی پێویستی خۆی بکات بۆ ئەوەی ئەو دیاردە نامۆیە تەشەنە نەکات و بەناو تەواوی دام ودەزگاکاندا بڵاو نەبێتەوە .

بەم شێوەیە هاتینە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەخوای گەورە دەخوازین کە تەواوی دام ودەزگاکانی ووڵاتمان پاك بکاتەوە لە دیاردەی بەرتیل خواردن وگەندەڵی و مەحسوبیەت .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم .